# ئەگەر ترۆریست بوون، بۆ ئازادتان کردن؟ ... مینەبەران

لەم رۆژانە دا و لە گەرمەی چاوەروانی نەتیجەی کۆتایی کێشەناوخۆیەکانی حیزبی دێمۆکراتدا، لە کاتێک دا کە دڵسۆزانی حیزب بەوپەری نیگەرانی و، نەیارانیشی بەوپەری شادی و خۆشبینیەوە لەسەر لەت بوون و لەبەر یەک هەلوەشانی حیزبی دێمۆکرات رۆژ و شەوان دەژمێرن، جیناحی دەسەڵاتدار دەستی بە بڵاو کردنەوەی شایعە و دەنگۆ و گەورەکردنەوەی رووداوە بچوکەکانی نێوخۆی حیزب کردووە و گەرەکیەتی لە ئاوی لێڵ ماسی بگرێ. باسێک کە لە ناو ریزەکانی حیزب بە گشتی و بە تایبەت لە ناو ئەندامانی دوور وڵات و دەرەوەی کوردستان و لەلای نێزیکانی جیناحی دەسەڵات هات و هوتی لەسەر دەکرێ و بە گەرمی لە هەوڵی پەرەپێدان و لک و پۆپ پێکردن و گەورەکردنەوەی دان رووداوێکە کە بەم جۆرە باسی لێدەکەن: گوایە "لەم رۆژانە دا 2 کەس لە کۆیە لە بنکەی دەفتەری سیاسی گیراون کە 19 مۆبایلی پێشمەرگەیان دزیوە و دوای دەستگیر کران لە لایەن کومیتەی ئەمنیەتەوە ئیعترافیان پێدەکرێ کە قەراریان وایە لەپێشدا حوسینی مەدەنی بە دەرمان بێ هۆش بکەن و دوایش بیدزن و لە دوای ئەوەش تەقە لە مامۆستا عەبدوللای حەسەن زادە بکەن بەڵام نەیکوژن و دوای 1 مانگ تەقە لە کاک مستەفای هیجریش بکەن و هەمووی لە پێناوی ئەوەی دا کە کێشەکانی ناو خۆی حیزبی دێمۆکرات گەورەتر بکەنەوە پتر تەشەنەی پێبکەن. " تا ئێرە پوختەی ئەو شایعەیە بوو کە لە ناو ریزەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵاتدا رۆژانە لە ئەندامانی حیزب دەبیسترێن. بەڵام با بزانین راستی ئەو دەنگۆیە تا چ رادەیەکە و چ مەبەستێک تەعقیب دەکا؟

ئەو داستانە لەئەساس دا وانیە و هی ئەمرۆژانەش نیەو لەوە کۆنترە. نێزیکەی 2 مانگ لەمەو بەر کەسێک کە زۆری هەوڵ لە گەڵ دەدەن بۆ ئەوەی کە لەباری فکریەوە بیکەن بە هی خۆیان، بۆیان ناکرێ. چەند جار بەهانەی پێ دەگرن و هەرەشەی لێ دەکەن، هەر وڵامیان ناداتەوە. دوایی 2تەلەفونی مۆبایل دیار نامێنن. خولاسە ئەو تەلەفۆنانە لە ناو وەسایلی ئەوکەسە سەردەردێنن. جا ئایە دزیونی یان بۆ بەهانە پێگرتن خستویاننە ناو وەسایلی ئەو کەسە، جگە لە کومیتەی ئەمنیەت، بۆ کەس روون نیە. دواتر ئەوکەسە زۆر دێنن و دەبەن و پێی دەڵێن دەبێ ئیقرار بکەی کە کۆماری ئیسلامی تۆی بۆ ئەو کارانە راسپاردوە. کەسەکە دەڵی بەلێ لە ئێرانەوە ماوەیەکی زۆر لێرەوەپێش بنەماڵەکەم زەنگیان بۆ لێدام و گوتیان ئەوا حاجیاغایەک دەیهەوێ قسەت لەگەڵ بکات. کاتێک قسەم دەگەڵ کردووە ئەو کەسە یەکێک بووە لە مامورانی ئیتلاعات و داوای هاوکاری لێکردووم. ئەمنیش بۆ ئەوەی کە لەکۆڵ بنەماڵەکەم بێتەوە، گوتومە باشە و دوای ئەوە هیچ جۆرە هاوکاریەکم دەگەڵ نەکردوە و تەلەیفۆنەکەشم فەوتاندووە و پێوەندیمان کۆتایی هاتوە. دوای ئەوەی کە زۆر دەیهێنن و دەیبەن و دەڵێن دەبێ بڵێی کە دەتهەویست کێ ترۆر بکەی، ئەویش دەڵێ مامۆستا عەبدوڵای حەسەنزادە. ئیتر ئەوەش تەنیا قسەی دەسەڵاتەو روون نیە داخوا ئەوکەسە ئەو قسانەی کردوە یان نا؟ بەڵام ئەوان بلاوی دەکەنەوە کە بەڵی ئەوکەسە شتی وای گوتوە و دوایی ئازادی دەکەن و ئیستاش ئەو کەسە لە لای ئاسایشی حکومەتی هەرێم راگیراوە. سیناریۆیەکی دوهەمیش دوای ئەو رووداوەی سەرەوە ساز کرا و بڵاو کرایەوە کە گوایە نەفەرێکی دیکە دەگرن کە دوای لێکۆلینەوە دەڵی بەڵی بۆ کاری ترۆریستی هاتووم و کە لێی دەپرسن کێ یان پێ راسپاردووی کە ترۆری بکەی، دەڵی گوتویانە لە پلەی یەکەم دا کاک مستەفای هیجری ئەگەر ئەوت بۆ نەکرا کاک حەسەنی شەرەفی ئەگەر ئەویشت بۆ نەکرا مامۆستای ترۆر بکە. ئەویشیان چەندەی دروست کراوی کۆمیتەی ئەمنیەتەو چەندەی راستە، دیار نیە. بەڵام دەکرێ بۆ تەکمیل کردنی باسەکەی سەرەوەتر نووسرابێ. دیارە دوای قەزیەی یەکەم لایەنی ئۆپۆزیسۆن لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی دا هەڵوێست دەگرێ و بە توندی رەخنە دەگرن و دەڵێن

باشە چون دەكرێ كەسێک كە وەک ئێوە باسی دەكەن ئەوە كاری بێت و بۆ كاری ترۆریستی هاتبێ و بەڵام هەروا بە سوک و سادە بەرەڵای دەكەن؟

ئەوە كە بۆ لەكاتی خۆی دا ئەو هەواڵەیان لە دەرەوە بڵاونەكردۆتەوە و تازە بڵاوی دەكەنەوە و وەک چێشتی كۆن گەرمیان كردۆتەوە و بەهاراتیان پێوە كردووە و راست لە سەروبەندی باس و خواسی لەت بوون یان لەت نەبوونی حیزب دا دەرخواردی ئەندامانی حیزبی دەدەن، بە باوەری من ئەوەیە كە تێكرای داستانەكە دروست كراو و گەورە كراوەتەوە و بۆ ئەوەمەبەستانەی خوارەوە كەڵكی لێوەردەگرن:

1- تۆمەتباری یەكەم كە ئیعتراف بە ئەركی تیرۆری مامۆستا دەكا، پێدەچێ بەو قسەیە جەناحی دەسەڵاتدار گۆڵی لە خۆی كردبێ و نەزانانە مامۆستایان لە خۆیان زەقتر و گەورەتر كردبێتەوە، هەر بۆیە سیناریۆی دووهەم ساز دەكەن و سیلسیلە مەراتبی بۆ رێكدەخەن و دەڵێن تیرۆریستی دووهەم مەبەستی بووە لە پێشدا كاک مستەفا و ئەگەر بۆی نەكرا كاک حەسەنی شەرەفی و ئەگەر ئەویشی بۆ نەكرا مامۆستا تیرۆر بكا.

2-بۆ چاوترسێن كردنی موخالیفانیان كە پێیان بلێن ئەگەر بمانەوێ دەتوانین بەسووک و سادەیی تۆمەتی سەر بە ئیتلاعات بوونتان بدەینە پاڵ و كەسیش ناتوانێ بتان پارێزێ. بە كوردیەكەی دەستیان ئاواڵەتر بێ بۆ سەركوت و خەفەقان.

. 3-بە كادر و پێشمەرگەی دڵسۆز و سادە بڵێن كە كۆماری ئیسلامی دەستی لەو كێشە و ئیعترازاتە ناوخۆییانەی حیزب دا هەیە و وەک چۆن لە تەبلیغاتی بەدرۆی خۆیان لەسەر لابردنی وێنەی رێبەرانی شەهید كەڵكیان وەرگرت و ئیحساسی خەڵكیان پێ هەڵخراند لەو مەسەلەیەش بە مەبەستی بە لارێدا بردنی بیری ئەندامان و دیزە بە دەرخۆنەكردنی ئەو كێشە و نەهامەتیانەی بە سەر حیزب و ئەندامانیان دا هێناوە كەڵک وەربگرن.

4-بەخەڵک بڵێن ئێستا كە كۆماری ئێسلامی دەیهەوێ لە ناو خۆی حیزب دا كاری تەخریبی بكات و بە ئەندامانی دەرەوەش كە پتر دەستیان بە ئینترنێت رادەگا بڵێن كە وەک چۆن هەمیشە گوتومانە ئەو نوسراوانەی سەر مالپەرەكانیش هەر كاری تەخریبی كۆماری ئیسلامیە و بە جیدیان وەرمەگرن.

5-لە هەموویان گرینگ تر ئەوەیە كە لە رووداوی یەكەمدا كەسی تۆمەتبار گوایە ئیعتراف دەكا كە ئەركی تیرۆری مامۆستای پێسپێردراوە. ئەمە وەک رێگا خۆش كردن بۆ لە ناو بردنی مامۆستا دەكرێ چاوی لێبكرێ كە بە داخەوە رابردووی ژیانی دەسەڵاتدارانی ئێستای حیزب لەو جۆرە كارانەی زۆر تێدایە. پێدەچێ بەرنامەی ترۆری هاورێ یانی حیزبی و لە سەروی هەموویانەوە مامۆستایان هەبێت و لەو رێگایەوە جەوسازی بۆ بكەن بۆ ئەوەی كە سبەی بڵێن ئەوە نیە ئێمە پێشتر 2 كەسمان گرت و هەردووكیان ئیقراریان كرد كە دەیانهەوێت مامۆستا ترۆر بكەن. كاک مستەفا و كاک حەسەن شەرەفیان بۆ ترۆر نەكراوە چونكە لە باری ئەمنیەتیەوە دایم پارێزەری زیاتریان دەگەڵەو، سادەترین رێگا واتە ترۆری مامۆستایان هەڵبژاردوە. دەتوانن دوایی كابراش ئیعدام كەن و بڵێن ئەوە كاری كۆماری ئیسلامی بوو و ئیمە پێشتر هوشتارمان دابوو. ئەوەش بۆیە دەڵێم كە ئەوان جاری یەكەمیان نیە دەست بۆ كاری لەم جۆرە دەبەن. رەنگە زۆر كەس ئاگادار نەبن بەڵام لانی كەم ئەوانەی نێزیک لە قەزیەكانی حیزبی دێمۆكراتن ئەوە باش ئاگادارن كە پێش یەک گرتنەوەی حیزب و رێبەرایەتی شۆرشگێر، كاک مستەفا ویستی بۆمب بۆ كاک جەلیلی گادانی بنێرێ. حوسێن نازدار كە ئێستا ئەندامی كۆمیتەی ناوەندیە و لە جیناحی كاک مستەفاشە، ئەوكات موخالیفی كاک مستەفا بوو، بۆمبەكە ئاشكرا دەكات و خونسای دەكاتەوە و لە پلینۆمی كۆمیتەی ناوەندیش دا ئەوكات باسی لێ دەكرێ. یەكێكی دیكە لەو قەزیانەی كە لە سەر كاک مستەفایە و تا ئێستاش قسەی لێوە دەكرێ و كاک مستەفا سەرەرای ئەوەی چەندین جار داوای لیكراوە رونكردنەوەی لەسەر بدات و خۆی لێبواردوە و لە لایەن سەید عەزیز فەرماندەی

ئێستای هێزی پارێزگاری و خالێد خالدار کادری کۆمیسیۆنی خەدەماتەوە بەرێوە چو، شەهید کردنی عەبدولای شەریفی بوو. نوسەر و دەرهێنەری هەموو ئەو سیناریۆیانەش بە دڵنیاییەوە لە روکنی 2ی ئەرتەشی شاهەنشاهی ئێرانی زەمانی محەممەد رەزاشاوە سەر دەر دێنێ کە ئەویش کەسێکی دیکە نیە جگە لە گوربان قاسمی حوسێنی.

دەنا ئەگەر شانۆ نیەو جەوسازی نیە چۆن دەکرێ کەسێک کەسێک هاتبێت بۆ ترۆری شەخسیەتێکی وەک ماموستا عەبدولا حەسەن زادە یان نەخەیر بۆ ترۆری پێشمەرگەیەکی سادە کە تازە هاتووە بەلام تۆ دەیگری و هەروا بە سووک و سادەی ئازادی دەکەی و بەرێی دەکەی بروات؟ لە کام گۆشەی دنیادا دیتراوە کەسێک بۆ ترۆری رێبەرانت سەهلە بۆ ترۆر و کوشتنی کەسێکی سادەی ناو کۆمەلگا نێردرابێ کەچی هەروا بە سوک و سادەی ئازاد بکرێ؟.

باوەر بەچیتان بکەم؟ بەوەی کە ئەو کەسە تیرۆریست بوو و ئێوە پێتان خۆش بوو کە ماموستای ترۆر بکات یان ئەوەی کە جێگا بۆ کارێکی وا خۆش دەکەن سبەی بە خەلک بلێن کۆماری ئیسلامی کردی؟

بەلام با لەئێستاوە دلنیاتان کەم دەست بردنتان بۆ کارێکی وا نامەردانە ئێمزای حوکمی مەرگی خۆتانە و گەل و مێژو بە هیچ جۆرێک ناتان بەخشێ.

بەلام بۆ حوسێنی مەدەنی؟

هەموو ئەوانەی کە لەحیزب نێزیکن دەزانن کە یەکێک لەو کەسانەی جیناحی دەسەلات بەدەست رقی زۆری لێیەتی و لە قەلەم و زمانی دەترسن، حوسێنی مەدەنیە. پار بۆ کاتی هەلپەساردنی لە سەر وتارێکی ناوخۆ کە نووسیبوی بە ئوتوبوسان لە جێژنەکان و دێگەلەرا تەنانەت ژن و منالیشیان هێنابوو بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەیەکی گشتی دا داوای هەلپەساردنی بۆ بکەن و جەماعەتی چەپلە لێدان زۆر بن. یەکیکی دیکە لە هۆیەکانی ئەوەیە کە ناوبراو زۆر دەگەرێ و بێروبەوێ دا دەرواو لە رێگای چون بۆ سلێمانی و دوکان و هەولێرو.... سادەتر دەتوانن زەفەری پێ بێنن و بیکوژن یان چیان پێ خۆش بێ دەگەلی بکەن و بێ سەر و شوێنی کەن. هەربۆیە وەک نووقتەیەکی زەعیف ئەویان وەک کەسی دووهەم بۆ ئەو کارە لە هەلبژاردووە.